www.kurdistannet.org

Postbus 75562
1070 AN Amsterdam
Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95
Telefax: 020 – 6935915

**ئەنجومەنی گەنجانی کورد "میدیـــــــــا"**

Vereniging Koerdische Jongeren Raad

**ڕۆژ: 18/ 11 / 2003**
**ژمارە: 93-18112003.KJR.S.A**

## بابەت / یادی دامەزراندنی ئەنجومەنی گەنجانی کورد

**ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی 07/ 12/ 2003 کاتژمێر 17,00 تا 21,00 پێنجی ئێوارە تا نۆی شەو**
**لە هۆڵی "میدیـــا" لە ئەمستردام**

**ئەندامانی بەڕێز،**

**پاش سڵاو،**

**بە گەرمی پیرۆزبایی ساڵی نوێ و یادی دامەزراندنی ئەنجومەنی گەنجانی کورد" میدیـــا" تان لێ دەکەین.**
**وەك ئاگادرارن ساڵی پار ئەنجومەنەکەمان بانگەوازی یەکەمی ئاڕاستەی ئێوەی خۆشەویست کرد و کۆبونەوەی یەکەمی خۆ ڕاگەیاندنی ساز کرد، بانگەوازەکەمان بە گەرمی پێشوازی لێکرا و تا ئێستا کۆمەڵە گەنجێکی زۆر لە دەوری ئەنجومەنەکەمان کۆبۆتەوە و لە ماوەی ئەمساڵەدا، ئەو هەموو چالاکی‌یە زۆرەی ئەنجاممان داوە، نموونەیەکی بەڵگە نەویستە بۆ پێویسی ڕێکخراوێکی وەك ئەنجومەنی گەنجانی کورد" میدیـــا".**
**بۆیە بەباشمانزانی بەم بۆنەیەوە، کۆبونەوەیەك و ئاهەنگێك بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم یاد پیرۆزەوە ساز بکەین و جارێکی تر لەگەڵ گەنجاندا یەکتر بەسەربکەینەوە. چاوەڕێین ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی 07/ 12 /2003 کاتژمێر 17,00 تا 21,00 بە دیداری یەکتر شاد ببین.**
**بۆ زانیاری و پەیوەندی کردن بەهۆی ژمارە تەلەفۆنی میدیـا: 020-6935915 ڕۆژانە لە دووشەممە تا هەینی لە کاتژمێر 11,00 تا 15,00 یانزەی بەیانی تا سێ‌ی پاش نیوەڕۆ.**
**یان هەموو ڕۆژانێکی شەممە بۆ پەیوەندی کردن بە ئەندامانی ئەنجومەنی‌گەنجان لە کاتژمێر 13,00 تا 15,00 یەك تا سێ‌ی پاش نیوەڕۆ، یان مۆبایەلی: 06-24571732 هەروەها بەهۆی ئیمێل ئەدرێسی: info@kvnmidia.nl**
**شادمان دەبین بە هاتنتان. داوای بەختەوەریتان بۆ دەکەین هەر بژین، بە هیوای دیدار.**

**سەرنج:**
**گەنجانی تەمەن 16 ساڵ تا 25 ساڵ، دەتوانن داوای فۆڕمی بوون بە ئەندام بکەن.**

**لیژنەی سەرپەرشتی**
**ئەنجومەنی گەنجانی کورد"میدیـــا"**

www.kurdistannet.org

Postbus 75562
1070 AN Amsterdam
Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95
Telefax: 020 – 6935915



***بەرنامەکەمان بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت:***

- **کاتژمێر پێنج تا شەشی ئێوارە 17,00 تا 18,00 ووتاری ئەنجومەنی گەنجان دەربارەی ئەرك و ڕۆڵی گەنجی کورد لە هەندەران.**
- **کاتژمێر 18,00 تا 19,00 چەند پارچە مۆسیقایەك و چەند گۆرانی یەکی کوردەواری زیندوو.**
- **کاتژمێر 19,00 تا 19,30 چەند یارییەکی کوردەواری، براوە پاداشت وەردەگرێت.**
- **کاتژمێر 19, 30 تا 20,00 ساتێك بۆ گەمە و پێکەنین.**
- **کاتژمێر 20,00 بۆ 21,00 بە مۆسیقا و گۆرانی و هەڵپەڕکێ کۆتایی بە شەوەکەمان دەهێنین.**

**ناونیشانی شوێنەکە:**

**.Pieter Nieuwlandstraat 95**

**لە شوێنە جیا جیاکانی ئەمستردامەوە ترامی ژمارە: 3 و 7 و 10 و 14 لە وێستگەی (Dapperstraat) دادەبەزیت. (پاشان بە پێ دوو دەقیقە ڕێ یە).**

**ئۆتۆبووسی ژمارە: 37 و 120 و 59 لە وێستگەی (Dapperstraat) دادەبەزیت.**

**شەمەندەفەر: بە (Stoptrein) لە وێستگەی (Muiderpoort) دادەبەزیت.**

**لە (CS) ی ئەمستردامەوە ئۆتۆبووسی ژمارە: 22 لە وێستگەی (Dapperstraat) دادەبەزیت، بە دیوی وێستگەی (Muiderpoort)دا.**

**بۆئەوانەی لە دەرەوەی ئەمستردامەوە بە ئۆتۆمبێل دێن، بۆ گەیشتن بە شوێنەکە، بە ئاڕاستەی *Ringweg A.10* دادەبەزیت بەرەو *s114* دەچیت ئینجا بۆ ناونیشانەکە:**
**Pieter Nieuwlandstraat 95**